# گۆڕان و خواستەکانیان

جەمال عەزیز

زۆر بوون ئەو نووسەرو سیاسی و رۆشنبیرانەی لەهەرێمی کوردستان گرەوی گۆڕان و گۆڕانکاریان دەکرد لەگۆڕەپانی سیاسی و ئیداری لەهەرێمی کوردستان لەسەردەستی نەوشیروان مسەفا، زۆر بوون ئەو سیاسی و نووسەرو رۆشنبیرانەی کەمژدەی بەهەشتی گۆڕانیان بەگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدا لەسەردەستی نەوشیروان مستەفا،هەروەها ئەو پیاوەیان بە شۆڕەسواری ناوخەونەکانیان دەبینی.

ئەگەر ئەو رۆشنبیرو سیاسی ونووسەرانەی باسیان لەگۆران وگۆرانکاری دەکرد لەسەردەستی نەوشیروان مستەفا لەراستی  بیرکردنەوەی ئەو پیاوە تێنەگەشتبێتن ئەوە جێگای گومانن، ئەگەر ئەو توێژە گرنگانەی ناو کۆمەڵگای کوردستان نەوشیروان مستەفایان بەفریادرەس زانیبێ بەهەمان شێوە جێگەی باوەڕ نین و ئاستی رۆشنبیریان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە!؟ رۆشنبیران و سیاسی ونووسەران چی وەلامی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەدەنەوە ئەگەر لەکەمترین ماوە بۆیان روون بوەوە کە ئەم گەمەی گۆرانە! گەمەیەکی سیاسی نەوشیروانە وەک هەموو گەمەکانی تری،چونکە نەوشیروان مستەفا فێری گەمەی سیاسیە بەتايبەتی لەگەڵ هاورێ و هەڤاڵ و لایەنگرانی، ئایە  رۆشنبیران و سایسی و نووسەران ئامادەن بەنووسراو سەنج و تێبینیەکانیان بەکۆمەلانی خەڵک بگەیەنن!؟ئایە ئەم توێژە گرنگانەی ناوکۆمەڵگا ئامادەن بنووسن ئێمەش  نەوشیروان مستەفا کلاوی لەسەرناین وەک ئەو هەموو کلاوەی کەئەم پیاوە لەسەر هەڤاڵەکانی خۆی ناوە لەژیانی کاری سیاسیدا!؟.

سالانێکە نەوشیروان مستەفا کاری سیاسەتی کردوە بەپیشە وەک هەرکەسێک کە کاری بەقالی ،کرێکاری، مامۆستایی، بازرگانی،شۆفێری،هتد کردبێتە پێشەی خۆی بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی،هەرکەسێک خاوەن پیشەیەک بێت هەوڵ ئەدات کچەکەی یان کورەکەی فێری هەمان پێشەی خۆی بکات بۆئەوەی پاشەرۆژێکی گەشی هەبێت و لەدوارۆژدا کەسێکی دەست وپێ سپی ناو کۆمەڵگا نەبێ،بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە نەوشیروان مستەفا هیچ کەسێک لەئەندامانی خێزانەکەی خۆی فێری ئەم پیشەیەی خۆی نەکردوە لەبەر ئەوەی دەزانێ هەمیشە گەمەیەکی دۆراو و پیشەیەکی مایە پووچە.

هەرکەسێک نەوشیروان مستەفا بناسێ ئاگاداری ژیانی سیاسی ئەو پیاوەیە  کەبەدەمی خۆی دەڵێ من توانای کاری سیاسیم نەما لەسەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان، خۆی دەلی من بۆ بەشداری کردنەوەم لەخەباتی نوێ ی گەلی کورد لەپاش هەرەس لەبەر خاتری بەرێز جەلال تاڵەبانی بوو لەپاش ئەوەی

ژیانی تاراوگەم هەڵبژاردبوو ،خۆی دەڵێ من هەرگیز باوەڕم بەمارکسیەت نەبووە و هیچ کاتێکیش بیروبۆچونی چەپم نەبووە، ئەوەی من کردوە بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی بووە، بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە کتێبی( لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لەنووسینی نەوشیروان مستەفا.!(

نەوشیروان مستەفا توشی نەخۆشی ( ئانارشیزم) بووە  بە تێگەشتنی زانایانی دەروونی مانای( بێ حیکمەتی و ئاژاوە گێڕی) دێت ،ئەم نەخۆشیە  لەزۆر مرۆڤدا سەرهەڵئەدات بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی بەناوی سیاسەتەوە دەیانەوێ بەشی خۆیان بپچڕن یان دەیانەوێ بێنە سەرحازری، لەئەنجامی بێتوانای کەسەکە لەبواری کارکردندا توشێ دابڕان دەبن هەروەها ئەم جۆرە کەسانەی کە تووشبوون بەم نەخۆشیە ڕقیان لەهەموو کەس دەبێتەوە ، ئەو جۆرە نەخۆشانە زۆر حەز بە بیستنەوەی ناوی خۆیان دەکەن ،یان حەز بەبیستنەوەی ناوی  شار،گوند،پاشناو،ناوچەی دیاری کراوی خۆیان دەکەن، نەوشیروان مستەفا هەرچەندە ساڵانێک ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان  بووە  بەڵام هەرگیز ناتوانێ ئەوڕقەی بشارێتەوە کەهەیەتی بۆ بنماڵەی بارزانی ،لە ئەنجامی ئەوڕقەی لەبنەماڵەی بارزانی هەیەتی ئێستا ڕقی لەهەموو ئەو کەسانەش دەبێتەوە  کەلەناو پارتی دیموکراتدا کاری سیاسی دەکەن، بۆ بەردەوام بوون لەدژایەتی بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی هاویشتە کۆشی بەڕێزجەلال تاڵەبانیەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامی بدات بە دژایەتی کردنی بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکرات ،ئەو هەلەی قۆستەوە کە ناکۆکیەکی بەرچاو هەبوو لەنێوان تاڵەبانی و بارزانی، هەمیشە هەوڵی داوە ناکۆکیەکان قوڵتر بکاتەوەو ئەو ڕقەی نەوشیروان مستەفا بەرۆکی زۆر کەسی سیاسی و لایەنی سیاسی تریشی گرتەوە تاکو کاری گەیاندە شەڕی براکوژی و ناوی ئەندازیاری شەڕی ناوخۆی لێنرا، هێندە کەسێکی ڕق لەدڵە هەر ناوچەیەک پارتی بەشێوەیەکی بەرچاو چالاک بێت تێیدا ئەو بە کوردستان ناوی نابات یان بە کوردی لاوازناوی خەڵکەکەی دەهێنێ  ،سلێمانی و سلێمانی چێتی پیشەیەکی بەرچاوی نەوشیروان مستەفایە، لەماوەی کاری سیاسی ئەم پیاوە لەناو ( ی ن ک) توانی دووبەرەکیەکی بەرچاودروست بکات توانی دەستی بچێتە خۆێنی هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆی، گاڵتەی بەتێکۆشانی هەموو هاوبیرەکانی خۆی دێت ، کەسێکی لووت بەرز هەمیشە هەوڵیداوە  خاڵی لاوازی هەڤاڵانی خۆی بزانێ تاکو وەک چەک لەدژیان بەکاری بهێنێتەوە، نەوشیروان مستەفا هیچکاتێک کێشەی سیاسی لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانیدا نەبووەو نیە، بەڵکو ئەوەی هەبوو تەنها کێشەی پارە بوو ،دوای وەرگرتنی بڕێک پارە لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە بۆ ماوەیەک دامرکایەوە، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بۆ بەردەوام بوونی دژایەتی کردنی گەلی کورد بەگشتی و پارتی دیموکرات بەتایبەتی، نەوشیروان مستەفا بۆ بەردەوام بوونی لەگۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەستی خستە ناودەستی دوژمنانی گەلی کوردەوە  وەک دڵسۆزی بۆ دوژمنان هەندێک نهێنی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی بۆدوژمنان هێنایە ئاشکراکردن ، هەوڵیاندا بۆ پەیداکردنی  داهات بۆ بزووتنەوەکەیان لە هەرسەرچاوەیەکەوە بێت

وە بەهەرمەجێک بێت ڕازین، ئەو پارەیەی ئەوان دەیانوویست وەک داهات لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە بۆیان دابین کرا دوژمنانیش مەرجیان هەبوو بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵێ داوایان کرد کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بکرێت بەهەرێمێکی سەربەخۆو پەیوەست بێت بەمەرکەزەوە ئەمە داوای فاشیەکانی عێراق بوو هەروەها بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک ئاوازەیەکی نەبیستراو دوبارەو چەندبارەیان دەکردەوە ،ئێستاش دەیانەوێ ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بەبارێکی خراپدا بەرن هەروەها ژیانی خەڵکی کوردستان لەهەموو ڕویەکەوە بشێوێنن، ئەمەش لەکاتێکدایە بەشاهیدی دۆست و دوژمنانی گەلی کورد ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لەهەموو ڕوویەکەوە بەهەموو کەموو کورتیەکانیەوە تاقانەیە لەناوچەکەدا، زۆر گرنگە هەموو لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لەو ئەزموونەی هەرێم دەست لەدەستی یەک بنێن ڕووی ڕاستی گۆڕان و سیاسەتە ئاژاوەگێریەکانیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن.